ڕۆژنامەنووسیی وەك پیشە، ڕۆژنامەنووسیی وەك ئایدیۆلۆژیا.. نەژاد عزیز سورمێ

• ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەنگە زیاتر لە هەڵگای ئەدەبیات و سیاسەتدا سەری هەڵدابێ و هێز و گۆی لەو دەرەتانانەوە وەرگرتبێ.. سیاسەت بەو مانایەی دەچێتەوە قاوخی خەبات لە پێناوی هەتکردنەوەی زوڵم و زۆرداری و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو ناهەقیانەی وەك نەتەوە لە کورد کراون و دەکرێن ..

بۆیە خۆایی نەبووە یەکەمین هەنگاو دوور لە نیشتمان بێ ، کاتێ بەدرخانیەکان لە قاهیرەی پایتەختی میسر بە بڵاوکردنەوەی (کوردستان) دەستیان پێ کرد.
لەو ڕۆژەوە ڕۆژنامەنووسیی کوردی وەك بیرێك بە دەرزی لێ بدرێ ، بەهەموو ئەو هەوراز و نشێوانە تێپەیوە کە بە هێ و بێ هێ کەوتوونەتەبەر هەوتی بەڕەوچوون و پشکەوتنی.. سەیریش دەکەی هەر ڕۆژگارێ لەو مژووە پڕ لە کەندو کسپە ئادگار و سیمای سەردەمەکەی وەرگرتووە ، وەختێ خەباتی سیاسیمان هەناسەیەکی هاتبێتەوە بەر ، ڕۆژنامەنووسیمانی لێ بێ بەش نەبووە و بەهرەی لە هەردوو لایەنی ئازادی نووسین و تەکنیکی چاپ و بڵاوکردنەوە لێ وەرگرتووە؛ ئەگەرچی ئەو بەهرە وەرگرتنەیش لە کاریگەریی ڕۆژنامەگەریی ئەو وڵاتانە بەدەر نەبووبێ کوردستان و کوردیان بەسەر دابەشکراوە ، لەوانەیش بەنموونە بەشی خواروی کوردستان کە زیاتر بە ڕۆژنامەگەریی عەرەبیەوە پەیوەست بووە ، ڕۆژنامەگەریی عەرەبیش لە خێدا و بەشایەدی و دانپێدانانی خودی خێان بەگورەی ڕۆژنامەنووسیی دونیا تاڕادەیەکی زۆر بەهێی گەڵك ئەگەر دواکەوتوو بووە و زیاتر بە لێژیکی سەرکوتکردن و سانسۆرکردنەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەعەقڵیەتێك کە (تاڕادەیەك ئێستاشی لەگەڵدا بێ) گۆڕان و کەشوهەوای گۆڕان هەت دەکاتەوە و هیچ حسابێکی بۆ ڕای گشتی و ئەوەی پێی دەگوترێ (بۆ لایەنی ڕوانین) نەکردووە .

لە سەرەکەی تریش ڕۆژنامەنووسیی عەرەبی دەچێتەوە ناو ڕۆژنامەنووسیی ئەوەی بە (جیهانی سێ یەم) ناسراوە ، کە هەمیسان

ڕۆژنامەنووسییەکی دواکەوتوو بووە لە چاو ڕۆژنامەنووسیی ئەورووپا و وڵاتانی دیکە کە بە سیستەمی دیموکراسیەوە بەڕێوەدەچن.

داخۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە چ ئاستێکدا بوو بێ کە هەر لە خۆیدا دووچاری گەمارۆی کولتووری لەسەر بووە ، کورد وەك نەتەوە خۆیشی گەفی لەناوبردن و جینۆسایدکردنی لەسەربێت؟

• ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەك چۆن کوردستانی خستە قۆناخێکی نوێ ، بە هەموو چاك و خراپییەوە(کە ئێرە و سرووشتی ئەم نووسینە جێی کولاندنەوەی بریتان نییە) ، ڕۆژنامەنووسیی کوردیش لە هەردوو ڕووی چڕنایەتی و چەندایەتیەوە بەهرەیەکی باشی لەو قۆناخە وەرگرت کە بەڕاستی دەتوانین بەقۆناخی زێڕینی دابنێین لە هەموو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی … بەڵام !
ئەو (بەڵام)ـــەیش بۆ دەستی مرۆڤ دێتەپێش بەوەی کەش وهەوای ڕاپەڕین و تاقیکردنەوەی زیاتر لە سی ساڵ ، بەهەموو تاڵی و شیرینیەکانییەوە هێشتا ئەوەی فەرنەکردین بتوانین وتارێکی ڕۆژنامەنووسیی پێکبهێنین و پەردەکان لابدەین و پەنجەرە داخراوەکان بکەینەوە ، هەنگاو لە مەملەکەتی وەستاو و دۆگمای ئایدیۆلۆژیاوە ، بە دەرهاوێشتە قۆزەوەنەکانییەوە بەرەو ئاقاری سەربەستی و ئازادی باوێین ، بەو ئاراستەیەی ڕۆژنامەنووسیی وەك پیشە چاو لێ بکەین ، پیشەی ماندوو بوون و گەڕان بەدوای ئەو ڕاستیانەی ڕۆگایان ڕۆشن دەکەنەوە و دەمانخەنە سەر ڕاستە شەقامی ئەوەی هەر خەمان پێشتر نوقڵانەمان بێ لێ دەدا ..
بەدرێژایی ئەو ماوەیە نەمانتوانی ڕۆژنامەنووسیی وەکو پیشە بناسین و بناسێنین، بەڵادەیەك هەندێ لەو ڕۆژنامانەی بەناوی ئەهلی و سەربەخێیش بۆاوکراونەتەوە ، باوەکو لە وێنەی ئەزموونێکی تازە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەرکەوتبن ، ئەوانیش مامەڵەیان لەگەڵ هەواڵ و دەرهاوێشتەکانی هەواڵ لە مەداری وروژاندن نەپەیوەتەوە و نەگەیشتووە بەوەی بەهێزی بابەتیی بوون و بەرپرسیاریەتیەوە گرفت و بریارەکان بخەنە بەر ڕووناهی…

هەمیشە دەبینین پرسیارە وروژێندراوەکانیش لەوچەشنە ڕۆژنامانەدا دوور نین لە دنەدان و ئەنگیزەی بەسیاسەت و جیهانی ڕکابەری سیاسەتەوە داپشراو.. (هەریەك بۆ لەیلای خۆی)..

دیارە ڕۆژنامەکانی تریش کە لایەنە سیاسیەکان چاپیان دەکەن لێرەدا جێی باس نابن ، بەوپێیەی هەر ڕۆژنامەیەك لەو ڕۆژنامانە یا هەر کەناڵێکی میدیای زمانحاڵ کە لەو لایەنانەوە باروبوو دەکرێن

بەگومان پەیوەست دەبن بە سیاسەتی هەنگ بۆ ڕاوێژکاران کە ئەمەش دەبێتە هەرگیز مەبەستمان لەوە نیە بڵێین ڕۆژنامە یا میدیای حزبی خزمەتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی نەکردووە ، یاخود لەو هەوڵەدا کورتی هێناوە کە دەچێتەوە ناو ئەو کەرنەڤاڵە بەجێش و خرۆشەی ڕۆژنامەنووسیی دوای ڕاپەڕین.

بەڵام کە دەبێتە جێی باس نیە ، لەو ڕوانگە و جیهانبینی یەوە بێ دەچێن کە ئاسان نییە ڕۆژنامەگەریی مولتەزیم ، پیشەی ڕۆژنامەنووسیی وەك پیشە ببینێ لە دەرەوەی سیاسەتی هەنگ بۆ ڕاوێژکان.

• پیشەی ڕۆژنامەنووسیی وای نابینم کاری گەیینی کەمەگە بێ ، هەر کەمەگەیەك ، بەقەد ئەوەی بە پەرشی و مەسئووڵیەتەوە پرسیاران بوروژێنێ .. لێرەشدا ڕۆژنامەنووس پیشەی بەتەنیا وەك سەرچاوەی بژێوی چاو لێ ناکا کە دەسکەوتکی کاتی تێدایە، بەکو بە نیشانەی پەیوەندی خێی بەخوێنەر و بە بەخت و ویژدانی خێی لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕووداو و پشهاتان ، بەتایبەتی لەوەی بەچەندین پەپ و بیانوو ، لە پشەوەشیان بیانووی (بەرژەوەندییە باڵاکان)، کە هەمیشە سەرپشکردنی پرسیارەکانی پێ دەسپێرێ..

مەسەلەکە لەو هاوکشەیەش لە ترکزەترە کە لە پشدا لە مەسەلەی (ئازادی و مەسئووڵیەتدا) خستمانەڕوو..
مەسەلەکە دەچێتە خانەی سەرپش لادان بۆ سەلماندنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیی وەك پرۆژەیەکی پەیوەست بە پرسەی دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووس لە قاڵبی پیشەوەرێکی مرۆڤانە و دوور لە هەموو دەسەاتێك و بایەخدان بە هەواڵەکانی دەرەوە و دەرهاوشتەکانی بەگوێتینی بایەخدان بەهەواڵەکانی ناوخێ و بەوپەڕی ڕاستگۆیی و پەیوەندیداری بە بەرژەوەندیی نیشتمان ، وەك ئەوەی ڕۆژنامەنووس دەیبینێ نەك …

باس لە بەرژەوەندیی نیشتمان دەکرێ ، نموونەیەکم لێرەدا دێتەوە بیر لە نموونەی ئەو هەواڵانەی ڕۆژنامەنووسێك بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرژەوەندیانە هەواڵێکی بڵاوکردەوە لەوەی بەکشەی (نایجیریا)ی چەندساڵێك لەمەوبەر ، کە ووکاری داشتنی هەواڵەکە لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکەوە بوو بەهۆی کوژرانی زیاتر لە 200 کەس و بریندارببوونی سەدانی تر..
پرسیار لێرەدایە ، ئایا ڕۆژنامەنووس لە کوێی ویژدان و مەسئووڵیەتی ڕۆژنامەنووسیدا ئەو هەموو خەکەی بەکوشتن دا؟!

وەکی دی ، چاوت لێیە ڕۆژنامەنووس زۆر هەواڵی گرنگ بەقوربانی خواستی ئەم لایەن و ئەو لایەن دەکا و خوێنەر لە ڕاستەقانیی هەواڵەکە بێ خەبەر دەمێنێتەوە.

• لە ڕاست بارودۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد، وا پێ ناچێ هەوڵێکی جیدی دراب ڕۆژنامەنووسیی وەك پیشە چاو لێ بکرێ ، بەوەی نەریتێکی ڕۆژنامەنووسیانە لە کایەی ڕۆژنامەنووساندا دەربکەوێ کە ڕەهەند و مەودایەکی وای پێ بدا لە بواری جۆوەییدا ببزوێ و لە مەداری دڵگمای ئایدیۆلۆژیا و دەرهاوێشتەکانیدا و بەهەند نەزانینی خوێنەر و بینەر و گوێگر بترازێ و ببێ بە بەشدارێکی کارا و متمانە پێکراو لە پرسەی گەشەپێدان و پەرەپێسەندنی شارستانی و چەکێکی کاریگەر لەبەرامبەر لادەران و ڕۆپێهەڵەکردن و پەردەپێش کردنی ڕاستییان .

نەژاد عزیز سورمێ

مارکس و ئانارکیزم.. بەشی یازدەیەم و کۆتایی.. و: زاهیر باهیر

نوسینی : Rudolf Rocker
ساڵی 1925

VI
بەشی یازدەیەم و کۆتایی

کاتێک شۆش لە ئیسپانیا لە ساڵی 1873دا هەڵگیرسا، ئەندامانی نەونەتەوەیی کە نزیکەی هەمۆیان ئانارکیست بوون، داواکاریی حزبە بەرژوازییەکانیان پشتگوێ خست و ڕووی خەیان بەرەو دەستبەسەراگرتنی زەوی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان بە هاوبەشی کۆمەاڵیەتییەوە پێڕەو کرد. مانگرتنی گشتی و یاخیبوون لە ئەلکەی، سان لوکار دی بارامێدا، سێقیل/ ئەشبیلیێ ، کارتاجێنا

و (Alcoy, San Lucar de Barrameda, Seville, Cartagena) شونەکانی دیکە سەری هەڵدا، کە هەر دەبوایە بە خوێنڕشتن کپبکرێنەوە. بەندەری کارتاجێنا زیاتر درژێی کێشا بە مانەوەی لە دەستی شۆشگێڕاندا تا دواجار کاوتە ژێر هێرشی ئاگرینی کەشتییە جەنگیییەکانی پرۆسیا و ئینگلیز. لەو کاتەدا ئینگڵس هەرشەکی توندی کردە سەر باکونینیستەکانی ئیسپانیا لە ڤۆکسستات (Volksstaat) و بەهەی ئامادەنبوونیان بە یەکخستنی هێزەکانیان لەگێڵ کەماریییەکان. ئەگەر ئینگلس تەمەنی بواری بدایە ، دەبوایە چەن ڕۆخنەی لە قوتابییە کەمەنیستەکانی لە ڕووسیا و ئەڵمانیا بگرتایە!!

دوای کۆنگرەی ئاهەنگگێڕانی ساڵی 1891 کاتێک سەرکردەکانی بەناو "گۆنج/لاو" لە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی دەرکران، بە هەمان تەمەت کە لینین دەبووو بیکات، دژی "هەڵپەرستەکان" و "کاوتسکییەکان"، پارتێکی جیاوازیان لەگێڵ ڕۆژنامەکەیان دە سۆسیالیست (Der Sozialist) لە بەرلین دامەزراند. لە سەرەتادا بزووتنەوەکە لە ڕادەبەدەر دەگماتیک بوو و بیرکردنەوەی نزیك بوو لە بیرکردنەوەی حیزبی کەمەنیستی ئەمڕۆ. بە نموونە ئەگەر کەسێك کتێبی پارلەمانتاریزم و چینی کرێکاری تەستلەر (Teistler) بخوێنێتەوە، ئەوا هەمان بیرکەکانی کتێبی ' دەوڵەت و شۆشی' لینین-ی دێنە سەر ڕەی. وەك بەلشەفیکە ڕووسییەکان و ئێندامانی پارتی کەمەنیسی ئەڵمانی، سۆشیالیستە سەربەخۆکانی ئەو سەردەم بنەماکانی دیموکراسییان ڕەتکردەوە، هەروەها بەشداریکردنیان لە پەڵەمانە بورژوازییەکانا لەسەر ئاساسی بنەما ڕیفەرمخوازەکانی مارکسیسزم، دایدەواوە.

کەواتە ئینگڵس چی دەگوت سەبارەت بەم "گۆنجان/لاوانە" کە وەک کەمەنیستەکان دەخڵش بوون بە تەمەتبارکردنی سەرکردەکانی پارتی سۆسیال دیموکرات بە خیانەت لە مارکسیزم؟ لە نامەیەکی بە سەرجی (Sorge) ، ئینگڵسی بەساڵاچوو لە ئۆکتۆبەری 1891 بەم شێوە میهرەبانییە بەی دەنوسێت "بەرلینییە نەخڵشەکان لەبەری ئەوەی وەک تەمەتکار بمێننەوە، تەمەتبار کراون، و وەک ترسنۆکە بە هوودەکان ڕەفتاریان کردووە، ئەگەر بیانوەت هەر کارێک بکەن، ناچاربوون کە لە دەرەوەی حیزب کار بکەن. بە گومان لە نەویاندا دەستە و دیمەنی پلیس و کریپتۆئانارکیست هەن کە دەیانوەت لە نەو گەلەکماندا کار بکەن. هاوشان لەگێڵ ئەوان ژمارەیەک گەوج و خوێندکاری هەڵخەڵەتێنراو و کەمەکی جیاوازی بە ئەدەب لە جادووگەر هەن . بە گشتی نزیکەی دوو سەد کەسن."

بەڕاستی سەرنجڕاکێش دەبێت بزانین ئینگڵس بە چ وەسفێکی جوان ڕەزی

لە "کۆمۆنیستەکانی" ئەمەمان دەگرت، لەگەڵ ئەوانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن "پارێزەری بنەما مارکسیستەکانن".

VII

تایبەتمەندیکردنی / کاراکتەرایزکردنی میتۆدەکانی سەسیال دیموکراسی کێن مەحاڵن. لەو بارەوە لینین یەک وشەی نییە بیڵێت و هاوڕێ ئەمانییەکانیشی تەنانەت کەمتریان هەیە. دەبێ زۆربەی سەسیالیستەکان گەورەی ئەم وردەکارییانە لەبیر بێت بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی مارکسیزمن؛ هەرکەسێک زانیاری لەسەر مێژووی هەبێت لەگەڵیان هاوڕا دەبێت. ئەو مارکسیزمە بوو کە کاری پەرلەمانیی بەسەر چینی کرێکاردا سەپاند و ئەو ڕێگایەی دیاری کرد کە پارتی سەسیال دیموکراتی ئەمانی پەیڕەوی لێکرد. تەنها کاتێک کە تێگەیشتن لەمە هەبوو، مرۆڤ تەدڕگات کە ڕێگای ڕزگاری کەمایەتی وەک دژایەتی مارکسیزم دەمانگەیەنێتە خاکی بێختەوەری ئەنارکیزم.

تەواو

و: زاهیر باهیر

ڕزگارکردنی چوار منداڵ دوای چل ڕۆژ.. و: ڕەزا شوان

چوار منداڵی کەمەبی، دوای کوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان، چەن دوای (٤٠) ڕۆژ لە جەنگەڵ چەکانی ئەمازۆنی کەمەبیادا بە زیندوویی مانەوە ڕزگاریان بوو؟
چوار منداڵی کەمبی کە (٤٠) ڕۆژ لەمەوبەر، لە کوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بچووک، کە هەیگرتبوون ڕزگاریان بوو. لە جەنگەڵکانی کەمەبیا بە زیندووی دەزرانەوە، ئەمەش هۆوداوەکە کە زۆرێک بە پەرجەو"موعجیزە" وەسفیان کردووە.
لەسلی (١٣ ساڵ)، سەلینی (٩ ساڵ)، تیەن نوریەل (٤ ساڵ) و کریستین (١ ساڵ) لە جەنگەڵ ڕزگارکران و ئێستا لە نەخۆشخانەی

سەربازیی (بگۆتا) چارسەر وەردەگرن.
منداڵەکان سەر بە هەزی ڕەسەنی ویتۆتۆن و لە دوای کۆتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی جەری (سیسنا ٢٠٦) کە ئەوان و دایک و باوکیان وئامۆزایەکیان و فڕۆکەوانەکەی هەڵگرتبوو، کەوتە خوارەوە و تەکشکا. لە دارستانەکەدا ون بوون. ئەو سێ کەسە پێگەیشتووە مردبوون و تەرمەکانیان لە شوێنی ڕووداوەکە دەزراونەوە. بەڵام چوار منداڵەکە، نە بە زیندوویی و نە بە مردوویی دیارنەبوون و نەدەزرانەوە.
هەزەک سەربازی کە لە (١٠٠) سەرباز پێکهاتبوون، چەندین سێگی ڕاهێناوی پۆلیسی، چەند هەلیکۆپتەری سەربازی، خەڵکێیەکی زۆری ناوچەکە، بە ناو دارستانچەڵەکانی ئەمازەندا دەگەڕان کە ناویان لێنابوو " گەڕانی هیوا" کە بە دەزینەوەی چوار منداڵەدا دەگەڕان. کە ناوچەیەکی پڕ لە مەترسی و دژوارە. پڕ لە پڕنگ ڕووی و ئاژەڵی دڕندە و لە جانەوەری زیانبەخش. تەکەڵاش (٢٦٥٦) کیلۆمەتر بەم دارستاندا گەڕان، ڕێشتنی ناو دارستانیش زۆر زەحمەت و سامناکە.
زۆر کەس پرسیاری ئەوەیان کرد، کە چۆن ئەم منداڵانە توانیویانە بە ماوەی (٤٠) ڕۆژ لە جەنگەڵدا بمێننەوە و بژین.
لەو چوارچێوەیەدا تەڵەی "فۆکس نیوز"ی ئەمریکی لە زاری بڕپرسان و ئەندامانی بنەماڵەی ئەو منداڵانەوە باویکردەوە، بە خواردنی ئاردی کاساوا و میوە و میوەکانی ناو دارستانەکە توانیویانە بە ماوەی (٤٠) ڕۆژ بژین.
مامی منداڵەکان (فیدنسێ ڤالێنسیا) بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: "کاتێک فڕۆکەکە کەوتە خوارەوە، برازاکانم ئاردی (کاسوایان) لە پاشماوەی فڕۆکە تەکشکاوە دەرهێنا بوو و بەم شێوەیە ژیگاریان بوو.
ڤالێنسیا زیاتر لەسەری ڕۆیی و وتی:"دوای ئەوەی ئاردەکەیان تەواو بوو، دەستیان بە خواردنی تەو و میوە کردبوو".
(ئاستراید کاسترێس) سەرۆکی پەیمانگای کۆمەبی بە خۆشگوزەرانی خەڵزان، ڕایگەیاند، منداڵەکان بەختیان باش بووە، چونکە ڕووداوەکە لە کەتاییەکانی بەهاردا ڕوویداوە کاتێک دارستانەکە " لە کاتی دروێنەکردندایە."
هەرچەندە ئەم ڕووداوە لە (١) مانگی مایەدا ڕووی دا، لە شوێنی کۆتنەخوارەوەی فڕۆکەکەدا، ئەو منداڵانە نەدەزرانەوە، بەڵام تیمی ڕزگارکەران هەندێک بەگەیان لەسەر مانەوەیان دەسکەوت، لەوانەش: دەزینەوەی شوێن پێیان و دایبی و

شووشەیەکی منداڵ و میوەی ددانی منداڵ.
منداڵەکان نزیکەی پێنج کیلۆمەتر لە دووری شوێنی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە دەزراونەوە.
ژنەڵا (پێدرۆ سانچێز) کە سەرکردایەتی گەلانەکەی کردووە، سەبارەت بە ڕزگارکردنیان وتی: کاتێک کە ئەم منداڵانمان دەزینەوە زۆر لاواز ببووین. بە دڵنیاییەوە هێزیان تەنها ئەوەندە مابوو، کە بتوانن هەناسە بدەن یان دەست بە میوەیەکی بچووک بە خاردن بڕن یا بە خواردنەوەی دەپێک ئاو لە دارستانەکەدا.
وتیشی:" منداڵەکانمان دەزیینەوە، ئەمە پڕۆژەیە، پڕۆژەیە، پڕۆژەیە". ئەمە "ڕۆژەکی جادوویە".
خاڵەزای منداڵەکان بە هادیەیکی کەمبیای هایگیاند، کە ئاوچەوانی منداڵەکان پێن لە بریینی شوێنی پووداني مشوولە، بەڵام بە پێچەوانەوە "باشن".
داپیرەی منداڵەکان (فاتیمە قالەنسیا) ش لای خەیەوە ئاماژەی بەوەدا، کە ئەوە سروشتی "جەنگاوەری" لەسلی خوشکە گەورەیان بووە، کە هەگەی داوە لە ژیاندا بمێننەوە.
داپیرەیان ئاماژەی بەوەشکرد:" لەسلی بەڕێی ئاگاداری خوشک و براکانی بووە، کاتێک دایکی کاردەکات. ئەو (کاساوا) و میوەی دارستانی پێدەدان".
دوای ڕاگەیاندنی ڕزگارکردنی ئەو منداڵانە ، سەرکی کەمبیا (گوستاڤە پێترۆ) ئەو منداڵانەی بە "نموونەی مانەوە" وەسفکرد و پێشبینیکرد کە داستانەکەیان "لە مێژوودا دەمێنێتەوە" وتیشی:"منداڵەکان بە تەنیا بوون، توانیویانە بە تەنیا بژین.. بە خۆاگریان و میهرەبانی دارستانەکە ڕزگاریان بوو ".

https://www.nst.com.my/world/world/2023/06/919086/im-hungry-colombia-child-tells-rescuers-after-40-days-jungle

پەگۆ و ئاسۆی شۆشی ژن ژیان ئازادی.. دیمانەی حەسەن ساحی لەگەڵ حەمید تەقوایيدا

وەرگێڕانی: کاوە عومەر

بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جەدید ئامادەکراوە

حەسەن ساحی: لەگەڵ کوشتنی مەهسا، بزووتنەوەیەکی بەرفراوان دەستی پێکرد، کە لە هەفتەی یەکەمدا چالاکوانەکانی بە شۆش ناساند. وتیان "مەڵێن ناڕازایەتی پڕی دوترێت شۆش". ئەم ڕاپەڕینە هەڵومەرجی سیاسی ئێرانی بەتەواوەتی گۆڕی و سەرنجی جیهانی ڕاکێشا. بەڵام لە چەند هەفتەی ڕابردوودا بزووتنەوەکە کەم بووەتەوە. ئاماری گردبوونەوە و خۆپیشاندان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەمی کردووە، ژمارەی ئێعدامەکان زیادی کردووە، حکومەتەکانی ڕۆژئاوا گۆڕاونەتەوە بە پێوەندییە ئاشتەواییەکانی پێشوویان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و پەدچێت دەخەکە ئاسایی بەتەوە. ڕای ئەوە چییە؟ ئایا دەتوانین هێشتا باسی بەردەوامی شۆش بکەین؟

حەمید تەقوایی: ئەو خاڵانەی باست کرد ڕاستن، بەڵام ئەمانە بە مانای ڕاوەستان یان کۆتاییهانی شۆش نیە .

هەرچەند خۆپیشاندان و گردبوونەوە و مانگرتن لە هەر شۆشکدا پایە و شێوازی سەرەکی ناڕازایەتین، بەڵام شۆش تەنیا بەمەوە سنووردار نییە. شۆش گۆڕانکارییەکی فرەلایەنتر و هەمەلایەنترە و ئەمە ئەم گۆڕانکارییە لە ئێراندا لە هەهەندی جیاوازدا دەبینین. بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران بە ڕوونی نیشان دەدات کە کەمەگە لە ئاستەکی بەرفراوان و لە لایەنی جەراوجەڕەوە دژی کۆماری ئیسلامی هەسوکەوتی کردووە و ئەم هەوتە تا دێت بەرفراوانتر دەبێت. زۆر هەسوڕاوانی پیشەی و مەدەنی و سیاسی و تەنانەت هونەری و وەرزشی کە پێشتر بەشداریان لە سیاستدا نەکردووە، بوونەتە جێی شانازی و ڕێزانە تەحەدای حکومەت دەکەن لەسەر ئاستەکی فراوانتر، بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و ئاشکرا بە ناو و وێنەی خەیانەوە. لە لایەکی تریشەوە دەبینیت کە بە حیجابی بەربەڕاو و سەرتاسەری بووتەوە. بەپێی ئامارەکانی خەیان، ٢٠%ی ژنانی تاران دەستبەرداری حیجاب بوون. ئامارە ڕاستەقینەکان لەمانە زیاترن، بەڵام تەنانەت ئەم ٢٠٪، واتە زیاتر لە یەک ملیۆن ژن لە تاران بەبێ حیجاب لە شەقام دەردەکەون. بارودۆخەکە لە زۆرێک لە شارەکانی تریش هەر بەو

شۆڕش.
پێشهاتکی دیکەی گرنگ بریتییە لە زیادبوونی بەربووەکانی جەنگ، بەیاننامە، بانگەواز و داواکاری دژ بە کەمارۆی ئیسلامی و سیاسەت و سەرکوتکاری حکومەت. ئەو بەڵگەنامانەی کە لایەن ڕێکخراوە ناسراو و جەماوەریی و چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، گەنجان و قوتابیان، مامۆستایان، خانەنشینان، بزووتنەوەی دادگاییکردن و هتد بەرگری دەکرێنەوە و داواکاری و ئامانجەکانی شۆڕش ڕادەگەیەنن. ناوەڕۆکی ئەم جەنگەنامە و بەیاننامانە زۆر لەوە زیاتر کە داواکاری و داخوازیەکی پیشەیی و بژێوی ژیان و لە ڕاستیدا ئامانج و داخوازییەکانی شۆڕش ڕادەگەیەنێت و لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕوخاندنخوازی هەموو کەمەگا دادەنرێت.
هەروەها جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئەمە هەمیشە جیاوازیمان لە نێوان شۆڕش و بزووتنەوەی ڕووخاندن کردووە. ڕووخاندن ڕەوتێک و بزووتنەوەیکی بەردەوامە کە ماوەیکی زۆرە (لە ڕاپەڕینی ١٨ی تیری ١٣٧٨وە) لە دەی کەمەگادا، و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی وەک ڕاپەڕینی ١٣٨٨، ١٣٩٦، ١٣٩٨ و شۆڕشی ئێستا لە ڕاستیدا خاڵی لوتکەیە لە بزووتنەوەی ڕووخاندن. ئەمە بەبێ گومانە هەوراز و نشێوی خەپیشاندان و گردبوونەوەی جەماوەری، دەکرێ بەپێی بزووتنەوەی ڕووخاندن چالاکتر و فراوانتر و بەهێزتر لە جاران.
لە بارودۆخی ئێستادا ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و حکومەت بە ڕوونی لەسەر مان و نەمانی کەماری ئیسلامییە. تەنانەت لە وەرزشوانان و هونەرمەندان و سینەماکاران و خەڵکی ئاساییشەوە، هەموو ڕۆژێک تەحەدای حکومەت دەکرێت. دوانموونەی هەڵپەکە و دەخشی خەڵک لە شۆقامکاندا لە ساڵانێکی کەچی دوایی خومەینی بوو. دەتوانن لە سۆشیال میدیا کلیپەکان ببینن کە خەڵک لە شۆقامکاندا سەما دەکەن و شادی دەکەن و بە مۆسیقا و سەمای سەر شۆقامکان "ماتەمینی" خەیان بە کەچی دوایی خومەینی ڕادەگەیەنن! یان لە وێنەی قەسکانی خامنەیی، دروشمی "خامنەیی بگەن، بکەری هەموو تاوانێک" دەنووسن.
هەموو ئەمانە ئەوەمان بە دەردەخەن کە کەمەگە عەزمی جەزم کردووە کە خەی لە شۆڕشی ئەم حکومەتە ڕزگار بکات و ئەمە نەک تەنها لە بیرکردنەوە و ئارەزووکانیدا بەڵکو لە کردەوە و چالاکییەکانی ڕۆژانەیدا دەبینن.
بە کورتی خەپیشاندان و گردبوونەوەکانی سەر شۆقامکان بە بەراورد بە ٤ مانگ لەمەوبەر کەمی کردووە، بەڵام لە ئاستی سەرتاسەریدا کردەوە و چالاکییە ڕووخاندنخوازانەکان لە زیادبوونداین. شۆڕش بە قەناغ و شێواز و فۆڕمی خەباتی جیاوازدا تێدەپەڕێت، بەڵام بە

هەزاوە بەردەوامە.
حەسەن ساڵحی: تایبەتمەندی و دەستکەوتکانی شۆشی ئێستا چین؟ وە چەن جیاوازە لە ئەزموونکانی ڕابردووی وەک ڕاپەڕینی ١٣٩٦ و ١٣٩٨؟
حەمید تەقوایی: بارودۆخی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ئەم شۆشە هەر لە سەرەتاوە پرسەیەکی وەرگرتووە کە لە ئەزموونکانی ڕابردووەدا بوونی نەبووە. هەر لە هەفتەکانی یەکەمی پەکهەنانی ئەم بزووتنەوەیە، وەک لە پێشەکیدا ئاماژەت پێدا، خەڵک و گەنجانی بەشدار لە ناڕەزایەتییەکاندا ڕایانگەیاند کە ئەمە شۆشە. ئەمە تەنها ناوەک نییە، بەڵکو گرنگیی تەکەشەرانی شۆشەکە و پێگەی خەباتیان نیشان دەدات و لەوەش گرنگتر ڕاگەیاندنی ئەم ئامانج و ئیرادەیە کە دەمانەوێت شۆشێک بکەین و هەموو ئەم سیستەمە لە ڕیشەی خۆیان هەڵبکەنین. وە تا ئەمەش دەڵێن تا کۆتایی ڕاوەستاوین.
دەبینیت ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ لەلایەن ئەمە واتە حزبی حزبی کرێکارییەوە بە شۆشگێڕانە دادەنرا، بەڵام کەس لە شۆقامەوە هاوارێکی نەکرد کە ئەمە شۆشە دەکەین یان دەمانەوێت شۆشە بکەین. و دوای ئەوە هیچ بزووتنەوەیەک دروست نەبوو کە بەم شێوەیە لە سەرانسەری ئێران و لەسەر ئاستی جیهانیدا خۆیستی و ئیعتیبار پەیدا بکات.
لەبیرت نەچێت بەشێکی زۆری ئەپۆزسیۆن، هەمووپان جگە لە کەمەنیستە شۆشگێڕەکانی وەک حزبی ئەمە، لە بنەڕەتدا دژی دیاردە و چەمکی شۆش بوون. لە ژینگەی سیاسیدا، بە ماوەیەکی زۆر باس لە گێڕانکاری لە سەرەوە و ژێرەمی چنچ و هەوەشانەوە و… دەکرا. تەنانەت ئەو هەزانەی دەیانویست بوخنن باسی شۆشیان نەدەکرد، بەڵکو باسیان لە ووخان و هەوەشاندنەوەی دەسەڵات و هاوشێوەکانی دەکرد. ئەمە ئەم گوتارانە بە تەواوی گسکدراون و جێگەیان بە شێرشێکی شکۆدار و بە فراوان داوە .
خاڵێکی تر ئەوەیە کە سەرهەڵدانی شۆشگێڕانە بوونێ خاوەنی سەروەریەکی زۆرتر. ئەو مانگرتنانەی کە ئەمڕۆ لە پیشەسازی نەوتدا بەڵێودەچن، ڕاگرتن و ڕاگرتنەکە، شورای ڕاگرتنی کرێکارانی گرێبەستی نەوتمان هەیە، شورای کرێکارانی لایەنی سێیەمیشمان هەیە، هەروەها شورای هاوئاهەنگی پەروەردەکارانیشمان هەیە، کە ئێستا زۆر گرنگی لە ناڕەزایەتی مامۆستایانداهەیە، لەوانەش لە ناڕەزایەتی دژی ژەهراویبوونەدا… هەروەها نزیکەی ٥٠ ڕاگرتن لە زانکۆ جیاوازەکان و شارە جیاوازەکان پێکهێنراون و لە ڕاستیدا بەشدارن لە جوڵەی شۆقامەکاندا. ئەوان تەنها بانگەواز ناکەن، بەڵکو ڕاگەدەخەن، ئامادەکاری دەکەن و دەبینن وهتد.

جگە لە چالاکییەکانی ئاو ڕێکخراوانەی کە مژووڵکێشان لە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕازایەتییەکانی دیکەدا هەیە، ڕێکخراوکانیش لە دەی شەشدا دروست بوون. ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ تا ڕادەیەکی زۆر خەباتی بوون. بەڵام ئەم شەش دوای چەند هەفتەی یەکەم خەی ڕێکخست. مانگرتن، خۆپیشاندانی سەرشەقام، دروشمی شۆڕانە، گرافیتی، دەرخستن و سووتاندنی لافیتە و تابلۆی حکومی و هتد، ئەمانە هەمووی ڕێکدەخرێن. وەک بەشێوەیەکی سەرەکی ئاو ڕێکخراو و کۆبوونەوانە کە لە دەی شەشدا پێکهێنراون، بەتایبەتی ڕێکخراوکانی خوێندکاری و لاوان، ئەنجامدەری لەم بزووتنەوەیانەن.
بە گشتی کەمێگ شەو و پێکهاتەیەکی وەرگرتووە، کە پێم وایە تایبەتمەندی شەشەکانە لە هەموو شوێنێکی تری دونیادا.
لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، جاڕنامەکان بەناوکراونەتەوە کە بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئامانج و داواکارییەکانی شەش دەخەنە ڕوو. لەوانەش جاڕنامەی کەمترین داواکاریەکان لەلایەن ٢٠ ڕێکخراوی کرێکاری ناسراو و متمانەپێکراو، مامۆستایان و خانەنشینان، کە پشتیوانییەکی بەرفراوانی لەلایەن زۆرێک لە حزب و چالاکانی ئۆپۆزسیۆنەوە وەرگرتووە. هەروەها جاڕنامەی داواکاری پێشکەوتنخوازانەی ژنان لە سەروبەندی ٨ی مارسدا لە لایەن ژمارەیەک لە چالاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانەوە بەناوکرایەوە، ڕاگەیاندنی دیکەش بە ناوی چالاکوانان و دامەزراوە ناسراوەکانی چالاک لە ناوخەی وەاتدا بەناو کراوەتەوە.
دەمەوێت ئەوە بڵێم، هەم لەووی ناوەڕۆک و گوزارشتکی ڕوونی ئامانج و داواکارییەکانەوە، چ لەووی ئاستی ڕێکخستن و ڕێکخستنەوە، چ لەووی خەئاگاداری کەمێگا، کە خەریکی بەرەوپێشبردنی شەشکی سەروژێرکەر، شەشی ئێستا زۆر زیاتر و پێشکەوتووتر لە ڕاپەڕینەکانی وەک ساڵی ١٣٩٦ و ١٣٩٨.
ئەم دەستکەوتانە ناتوانرێت لەسەندنەوە نین. ناتوانێت کەمێگا بگەڕێتەوە بە بارودۆخی ٩ مانگ پێش ئێستا، هەلومەرجی پێش شەشی ئێستا. وەک نموونە، حکومەت ناتوانێت جارێکی تر حیجاب بەسەر ژناندا بسەپێنێت. ئەویش ئەمە دەزانێت. ئەم یەک گەڕانکارییە بەو مانایە کە یەکێک لە هەماکانی بەها ناسنامەییە-ئایدیۆلۆژییەکانی حکومەت لەلایەن خەڵکەوە تەحەدای کراوە و سەرکەوتوو بووە.
حەسەن ساڵحی: کاریگەرییەکانی شەش لەسەر پێگە و ڕێزکانی حکومەت چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

حەمید تەقوایی: یەکێک لە دڕندانجامەکانی شۆشی ئێستا، بە ئابڕووبی و ڕسوایی بوونێ و جیهانیی کەماری ئیسلامییە.کەماری ئیسلامی هەمیشە بە سەرکوتکەر و دیکتاتۆر دەناسرایەوە، بەڵام ئەمڕۆ دەسیەی نوێ لە دژی ئەم حکومەتە کراوەتەوە کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە. پێشتر باس لە دەسیەی تەقەکردن لە فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگر کرا، ئەمڕۆ دەسیەی هەڕشی کیمیاوی بە سەر قوتابخانەکان زیادکراوە، دەسیەی لەسێدارەدانی بە حساب وکیتاب و پڕۆسێندویش کراوەتە، دەسیەی تەقەکردن لە چاوی خۆپیشاندەران و کوژرکردنیان بەهەمان شێوە باسی لێوە کراوە، و هەموو ئەو تاوانە شکڕانەی کە بەهەی هەوڵی هەڵسوڕاوانی مەیدانی، شۆش هەموو ڕۆژێک لە سۆشیال میدیا لەبەردەم چاوی جیهاندایە. ئەم تاوانە بێگەدار و ئاشکرایانەی حکومەت لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا، هەموو جیهانی بە پشتیوانی لە شۆشی ژن ژیان ئازادی و دژ بە کەماری ئیسلامی کەکردەوە. بە واتایەکی تر فەزیحەی کەماری ئیسلامی لە سەربانی جیهانەوە کەوتووەتە خوارەوە و ناتوانرێت بگەنرێتەوە بە هەلومەرجی پێش شۆش. تەنانەت لەبیستەکانی کەماری ئیسلامی کە پێش ئەم شۆشە لە ئەمریکا و ئەوروپا چالاک بوون، خەیان خزاندووەتە ناو گۆشەیەک و بە تەواوی دام ودەزگایان کەکراوەتەوە.

خاڵی دواتر سەرلەشواوی و داماننی ڕێزکانی حکومەتە. تەنها هەفتەی ڕابردوو بوو کە حوسێن مورتەزەوی، بەرپرسی زیندانی ئەوین لە ساڵی ١٣٦٧دا، دان بە تاوانکانی خۆی و حکومەتکەیدا لەو ماوەیدا دەنێت و وتی گوناهەکانم تەنانەت بە ئاوی زەمزەمیش ناشردرێت. تەنیا یەکێک لە پارچە گرنگەکانی ماشێنی سەرکوتکاری کەماری ئیسلامییە کە تا ئەمڕۆ کەوتووەتە خوارەوە. تا دێت ژمارەی بەرپرسان و خاوەن پۆگە ئەمنیەکانی حکومەت هەمان دەخیان هەیە. ڕاپۆرتە نهێنییەکانی دیدارەکانی ڕێبەرانی هەزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەت لەگەڵ خامنەیی ئاشکرا کران و بێگەنامەی دیکە لەوانەش ئەو ئاگادارکردنەوە نهێنیانەی کە ئاشکرا بوون یان هاک کرابوون، ئاماژەن بە ترس و نیگەرانی ئۆپۆی ڕێبەرانی حکوومەت و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی بیروڕا لە نێوان بەرپرسانی باڵای بەسیج و سوپای پاسداران و لاوازی و سەرلەشواویان. ئەم هەوڵشانەوەیە لە ئاستەکانی دیکەشدا تەواو دیارە، وەک مامەڵەی حکومەت لەگەڵ بزووتنەوەی بە حیجابیدا. سەبارەت بە پرسی حیجاب، چەندین بەچوون و سیاسەتی جیاواز و دژ بەیەک لە نێوان حکومەتکاندا هەیە، ئەمەش بەهەی بەدەسهاتی ئەوانەوەیە لە بڕامبەر ئەو جموجۆڵە بەربڵاوەی بە حیجابدا. بەگشتی شۆشی ئێستا بشێوەیەکی بە وێنەی ڕێزکانی حکومەتی پێکخستووە.

لە لایەکی ترەوە دەبینین کەسایەتییە باباکانی دووی خرداد وەک میرحوسێن موسەوی بە ئاشکرا دژێن بە چاکسازی و گۆڕینی دەستوور و هتددا تەدەپڕێنن و داوای ڕیفراندەم دەکەن بۆ گۆڕینی سیستەمەکە. تەنانەت قوتابیان و بەشێک لە ئیمامەکانی هەینی شارەتی نیزام دەخەنە ژێر پرسیارەوە. هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە حکومەت خەریکە دژێوخێت.
ئەم بارودۆخە قەیرانا ویی کەماری ئیسلامی ئاماژەیە بە ئاوەی کە شۆشی ئێستا هاوسەنگی هێزی نێوان خەڵک و حکوومەتی بە شێوەیەکی بە وێنە و نەگۆڕاوە بە قازانجی خەڵک و بە زیانی حکوومەت گۆڕیوە.
حەسەن ساڵحی: ئایندەی ئاو ئاوگۆڕانە چۆن دەبینن؟ ساڵی ڕابردوو کاتێک شۆڕش لە شەریوەر دەستی پێکرد، خەڵایی گۆڕانکارییەکان بە جۆرێک بوو کە زۆر کەس پێیان وابوو حکومەت تا کۆتایی ساڵی ١٤٠١ بەردەوام نابێت. ئێستا شۆڕش چ پێگە و ئاسایەکی هەیە ؟
حەمید تەقوایی: پێشبینی ناکرێت کەی حکومەت دژێوخێت، بەڵام ئاوەی زۆر بەدووری دەزانرێت ئاوەیە کە حکومەت لەم شۆڕشەی ئێستا ڕزگاری بێت. خەڵک باش دەزانن کە حکومەت ناوو نشاوی کاوتن بەیەکاوتووە. هەروەها دروشمی "ئەمساڵ ساڵی خوێنە سەید عەلی دژێوخێت" گوزارشت لە هیوا و ئیرادەی خەڵک دەکات بۆ ڕووخاندنی حکومەت، و مەرج نییە وادەیەکی دیاریکراو بۆ ڕووخاندنی حکومەت هەبێت.
ئاوەی گرنگە پێشکاوتنی کەمپەینە بۆ ئاراستەی ڕووخاندنی کەماری ئیسلامی. وەک ڕوونم کردەوە شۆڕش ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر و ئیرادەتر و ڕەخنەگراوتر دژێت و حکومەت سەرچاوەای سەرکوتکردن و لەسەدارەدان نێتوانیوە ڕێگری لەم پرۆسەیە بکات.
بەگشتی کاتێک حکومەتکان شۆڕشێک تێکدەشکێنن، دەخەکە بە خەڵک قورستر دژێت. دیکتاتۆری و سەرکوت توندتر دژێت، تیرۆر و ترس کەمپەینەگانا دەگرێتەوە و نەک تەنها شۆڕش، بەڵکوو هەر جۆرە ناڕەزایەتییەک تەنانەت بە بەراورد بە قەناغی پێش شۆڕش، هەور دژێتەوە و کەم دژێتەوە. ئەمەش ڕاوتی ڕاوانکان پێچەوانەکەیە. حکومەت لەسەدارەدان ئەنجام دەدات و ناڕەزایەتییەکان بەرامبەر بە لەسەدارەدانکان بەرز دژێنەوە و دژێنە سەرتاسەری، حکومەت بە کیمیایی هەرش دەکاتە سەر قوتابخانەکان، بەڵام زۆرتر خەی ڕسواتر و گۆشگیر و قەیرانا ویتر دەکات، دژیبە حیجابی دەوستێت و هەڵک دەکۆشێت و بزوتنەوەی بە حیجابی زیاتر سەرتاسەری دژێتەوە و هتد هتد. هەموو ئەمانە ئاماژەن بە پێشکاوتنی شۆڕش.
بەڵام سەبارەت بە ڕاوتی داهاتوو و ڕوانگەی شۆڕش، بەڕای من خاڵی هەرە گرنگ ئاوەیە کە شۆڕش پاڵاوتەتر دژێت و لە درێژەی ئەم پرۆسەیەشدا حزب و هێزە شۆڕشگێڕ و چەپەکان قورسایی زیاتر پێدا

دەکەن.
بە گشتی لەم شەشەدا، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٣٩٨ و ئاپەڕینەکانی پێشوو، حیزبەکان پێگەیەکی بەرچاوتریان هەیە. هێکخراو و حزبە سیاسییەکان، هەرچەند ئامادەبوون و چالاکییە گشتییەکانیان تەنیا لە دەرەوەی وڵات مومکینە، بەڵام هێز و کاریگەرییان لە کەی پێسەی دەخەکەدا تەواو دیارە. بەڵای من ئەم هێزە زیاتر دەبێت، پاڵاوتنی ڕیزەکانی شەش زیاتر دەبێت، جیاوازیی ئاست و چڕپ زیاتر ڕوون دەبێتەوە، ڕووخانیش بەپێی گەڵانەوەی بزووتنەوەی کۆمەنیستی و گەڵانەوەی حیزبەکەمان جیا دەکرێنەوە و پێچەوانە دەکرێنەوە لەگەڵ بەچوونەکانی ئەپەزسیۆنی ئاست کە دەیانەوێت دەخەکە بە کەمترین گەڵانکاری دەستپێبکەن.
هەر لە سەرەتای ئەم شەشەوە، هەمیشە جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە میحوەری یەکگرتوویی خەڵک، میحوەری هاوپشتی و تەبایی ڕیزەکانی شەش، خواستی قووە و جیهانداگری ئینسانیە. بەم مانایە لە ڕووی ناوەکیەوە ئامانج و خواست و مانای ڕووخاندن ڕوونتر و مرۆڤدۆستانەتر و قوڵتر دەبێتەوە و تا زیاتر دروشمی "ژن ژیان ئازادی" پێناسە بکرێت و خەڵک زیاتر تێگەیشتنەکی ڕوونتریان دەبێت کە لە ئاستیدا ئازادی مانای چیە، پارێزگاری لە ژیان، مانای چیە و ڕزگاری ژن مانای چیە، یەکەیزی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی شەش زیاتر دەبێت و ئەمەش دواجار بەو مانایەیە کە حزب و هێزە چڕپ و شەشگەکانی وەک حیزبی ئەمە، کە نوێنەرایەتی خواستە مرۆییەکانی هەموو خەڵک دەکەن، جێگەیەکی گەورەتریان دەبێت لە کەمەگادا و ئەمەش لە بەرامبەردا هەڵومەرج و کۆشوهەوای سیاسی بە فراوانکردنی گردبوونەوە و خۆپیشاندان و مانگرتن و دواجاریش ئاپەڕینەکی جەماوەری بە ژێرەو ژوورکردنی کەماری ئیسلامی دابین دەکات.
حەسەن ساحی: دوا پرسیارم سەبارەت بە هێز و پێگەی حیزبە لە پرۆسەی ئاوگەکانی داهاتوودا. حیزب چ هێزێک بە خۆی دیاری دەکات و چ سیاسەت و ئەرکێک دادەنێت بە ئەوەی پرۆسەی شەش بەرەوپێش ببات؟
حەمید تەقوایی: سەرەتا دەبێت بە هەموو تواناماندەوە هەوڵبدەین شەش لە دەوری داخوازییە جیهانیە ئینسانیەکان و لە دەوری لێکدانەوەیەکی ئادیکاڵ و ڕزگارکەری ئاستەقینە بە ڕووخاندنی حکومەت و سیستەم و لە دروشمی سەرەکی "ژن ژیان ئازادی"ەوە بەرەو پێشەوە بچێت ، و لەم ئاراستەیەدا، زیاتر پاڵاوتەتر دەبێت پێویستە هەوە بدەین ڕیزەکانی شەش ئادیکاڵتر و چڕپتر بکەین و لە ئەنجامدا یەکگرتووتر و یەکپارچەتر و بەهێزتر بکەین.

شەش بزووتنەوەیەکی نەرمنیە، بزووتنەوەیەک دژ بە بارودۆخی هەبووە، بەڵام لێکدانەوە و پێناسەی جیاواز بۆ ئەم دژایەتییە بە دۆخی هەبوو هەیە. چین و تۆژە جیاوازەکان و بزووتنەوە و حزبە چینایەتییە جیاوازەکان لێکدانەوە و مانای جیاوازیان بۆ هەیە. ئەوانەی ئەمەو هەووخاندن واتە هەووخاندنی تەواوی ئەو حکومەت و سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە هەیە ، واتە هەڵوەشاندنەوە و سڕینەوەی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی و ئایینی و ڕەگەزی و ئابووری و چینایەتی، واتە لەناوبردنی چەوسانەوە و کۆیلایەتی کرێ ، واتە سڕینەوەی ئایین.و خورافات و پیرۆزییە ئایینیەکان لە حکومەت و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان. بە بەچوونی ئەمە شەشی ژن ژیان ئازادیدا، ڕەنەسانسێکی دژە ئایینییە کە دەتوانێت هەرش بکاتە سەر ڕیشەی هەموو هەڵاواردن و نایەکسانییەکان.
هەوە دەدەین ئەم ئاراستەکردنە بکەینە دروشمی شەقام و هەمەتی مەیدانی و چالاکیی تایبەت. ئەم ئاراستەکردنە لە ئێستادا لە خەباتی خێکدا دیارە. وەک نموونە، حیزبی ئەمە خوازیاری حکوومەتی شورایی و دژی هەر جۆرە حکوومەتێکی سەروو خێکیە و ئەمە ئیدارەی شورایی بۆتە گوتارێکی گشتی، بە تایبەت لە بزووتنەوەی کرێکاریدا. هەروەها لە جانامەی بیست ڕیکخراوەکەشدا بەگوێیەک هەیە سەبارەت بە بەڵاوەبردنی شورایی. نموونەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەمە نەک هەر دژی سزای لەسێدارەدانین بەڵکو دژی خودی سزای لەسێدارەدانیشین، ئەمەش دەبینین خێک هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بە هەر تاوانێک ئاماژەیە بۆ بزووتنەوەیەکی فراوان لە دەوری ئەم داواکارییە بە دروشمی " هەموومان پێکەوەین".
ئەمانە نیشانەی قووڵبوونەوە و شەفافیەت و ئاڕاستەبوونی ڕێزکانی شەشن. ئەمە هەوە دەدەین ئەم پرسیە بەهێزتر بکەین، حزبایەتی زیاتری پێ بدەین. ڕێکخستنی زیاتری پێ بەخشن و بەبەڵی پشت و چوارچێوەی شەش بەهێزتر بکەین.
سەیرکەن هاتنی خێک بە سەر شەقامکان و ئاپەڕین و تانانەت خۆپیشاندانی جەماوەری و چەند ملیۆنییش دروستکراوی هیچ لایەنێک نیە، بەڵکو ئەو ڕاڕەیی کە حزبە شەشگەڕەکان دەتوانن و دەبە بیگەڕن، قووڵکردنەوەو بەهێزکردنی شەشە لە ناوەڕێک و شەوەدا، ئەوە بریتییە لە بەهێزکردنی بەبەڵی پشت و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی شەش بە جۆرێک، بە پشتبەستن بەو شەشە، کۆمەگا دەتوانێت مانگرتنی گشتی دەستپێبکات، خۆپیشاندانی چەند ملیۆنی دەستپێبکات، دواجاریش ئاپەڕین دەستپێبکات. ئەمە ئەو بەبەڵی پشتە دروست دەکەین. تا ئێستا ئەمە بەو ئاراستەیە پشکەوتووین و بەو

هەلومەرجێ لەبارێ کێ ئەمێ ڕوویدا، بێ خەرایی زیاتر ئێم بابەتێ بەرەو پێش دەبەین.
٧ی جون ٢٠٢٣

ئیسماعیل خەیات.. شیعری: سەباح ڕەنجدەر

ژیان هەرچواردەوری ڕووگەنمایە
چاوم لەسەر هەست دەڤانێ و قەت لە نوێژ بێ کردنی ماندوونابم
* * *
پەنجەرە چاڵکی دوور نییە
پاش خەر و با
خوداوەند لێی دێتەدەرێ
پەنجاوچوار شوێنپێ لەسەر قوماشکی سپیدا
چاوی سەرسامیی دەترووکێنن
لەگەڵ بەرهەمی هەمەجۆری یەزدان
تەورات و
ئینجیل و
قورئان و
خاڵی بێدەنگییان دانیشتووم
هاواریش لە دەورم دەژێ
بووەتە ئاوکی خەڵەمێشی
بچمە ناوی هەموو نینۆکەکانی دەست و پێم بەردەدەن
بەهۆزکی زۆریشەوە حەزی مەلە تا ئەوپەڕی دڵی پشکواندووم
بەڵێ تریفەی مانگ بزربوو
مووسا و
عیسا و
محەمەد
بە ئاوازکی سەرەتایی
بەسەر شەقامی ناوداری شار
دەگەڵن و بەئومێد سڵاو دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن
ژی خەیانی پێ پیرزدەکەن و تەواوی ژیانیان بردەوە

وەك ئەوەی لە بەهەشت لەدایکبووبن
* * *
بە ناوی دایك و باوکم گەرم دەبمەوە
وێنەیەکی بچووکیانم خستە مەدالیایەکی شووشەی ووونەوە
هێی ناو دەستیان دووبارەبووەوە
وەك دوو کەوانەی ووبەوو حیکمەتکیان دەستنیشان کرد
دڵت هەبگرە و لە خۆت مەترێ
ووونترین شەوازی باڵ لە شان وانە
* * *
بێ مردووان گریاوم و زیندووانیش ماچ دەکەم
* * *
چرایەکم بە ناوچەوانی ماڵەکەمدا هەواسیوە
گەرمی و مەی شووشەکەیان سێیوەتەوە و منداڵانم پرشەین
* * *
بەلاێدا ێم نەکردووە
ئەستێرە و کلیلی شووشەییم بەسەردا بەربووەتەوە
زەوی و ئاسمان بەسەریەکدا هاواریان نەکرد
لانەولان بوون
* * *
دڵی هەزار پەێی کێگە زەر بەجەرگ و لەخێبوورەیە
لەناویدا لەپێشوازیی دەوەستم و ەنگی خێشیی دەناسم
برادەرانیشم کە میراتی ەسەنن بەرەو لام دێن
بیر لە زەوی دەکەمەوە
داوای لێبوواردنیشی لێ دەکەم
بەپێی سووك و گران بەسەریدا چوومەتە سەنگەر و ژوان
چیم بینی سەرنجم دا
تا توانیم بانگی ناو خەونی سەرەتام کردن
کردمن بە بێنك لە گوێی زمان
بزەیەکم بەسەر شوێنپێکان ێشت
پشوویەکم دا و لە گەنجینەی قووڵایی و بروسکەی ئاسمان مەلەم کرد
دنیام لێ ئاشکرابوو
* * *
دنیا دوو مانگ لە من منداڵترە
شیری ووەکمان خوارد
بێ هەبوونی هەموو ژیان لانەولان بووین
ئاسمان دوو خێری نییە
چاو بە تەنیا دەمێنێتەوە

* * *
به زمانێك بێ هەمیشە شاد دەمێنێتەوە
چرپەیەك دەكەم
لە ماوەی گۆشەشارم تەواوی فریوی دەمامكەكان دەنووسم
چیشم بینی بۆتان دەگۆمەوە
چەپەڵان دەهێنمە پێش چاوی ووونمەوە
دوای دوو خولەك دەیانبەخشم
مانگ ئەو كاتەی خەمگینە
پێە
وەختێكیش دەفڕێ باڵی ووناكی دەبەنەێ ماڵان
* * *
خڕ هێلكەی تروكاند
كاتی دانپیانانە
تەپەی باڵ لە سینگمدا دەنگ دەداتەوە
زایەڵەیەكی دوور نییە و ووگەنما بسوود نامێنێتەوە
* * *
درەختی ئادەم و حەوا دڵك ناگرێ
بێ سەرەتا و كۆتایی و هۆی تەواوبوونە
بە نەرمی لە ڕەگ و چڵیەوە سەمادەكات
لەو شادمانییە دەگات كە ئێمە تێی ناگەین
باڵندە هاوڕێی منداڵیمە
هاوڕێی نەمریی و
تەنیایی سارد و
ئاگری تووڕەیی و
سێاوی ئومێد
لە بەرزایی دڕەاوكێی سروشت بەرەو بلیمەتی فڕیوە
بە ئاوازی خوێندنی گوتی
دەنگێك قسەی لەگەێ چاندن و پەیام و نهێنی ناڕەی كۆاڵی زەوی كرد
بیستت
شووڕە شەانگەزە
خدری زیندە لە نیوەی ڕێیە و بەتاو پێ هەدێنێ
كلیلی شووشەیی
هەدەداتە ناو دەستت و ئەستێرەی بەسەردا سەیوانە
هەستە بە گەرمیی سینگی هەویرێكی نەرم و شلە
دەنگی وەرد و ڕەشنایی هەوای بانخەش كردووە
چوار توخمی گەردوون
گەزەی كتێبیان پێكردووم

که لە ئەفسوون و ئەفسانەی ئەوان نووسیومن
یەك لە یەکتری ئادەمێنن و سەرسامن
کێ یەکەمە
ئەوانی تر لە خوێنی ئەون
* * *
ئەو پرسیارە گومانێکی گەرمە
دەبا بیربکەینەوە بەرهەمە ناتەواوەکان گومانن
یادەوەرییمان زیندوو دەکەنەوە
درەخت کە میوەی پێ دەگات لە هەموو کاتێکی هەستیارترە
دایکە منداڵی لێ نزیك بوونەتەوە
* * *
من پاڵەوانی ئەلفوبێم
زۆران لەگەڵ کێدا بگرم
پەیکەرێکم بۆخۆم داڕشت
کاتژمێرێکی هەوانبۆژم کردە مەچەکی
هەنگی گەرمی بەسەردا ڕژا
شکێ و نان و ئاو دەبەخشێ بە هەژاران
* * *
ئەشق دەبووایە بتکوژم
پاشان بپاڕێمەوە بۆ ئەوەی لە ئاسۆیان بتبینمەوە
هەبوو و نەبووی ئەم دنیایە
بە دەنگێکی مات پەیکەری نەمران دەدوێنێ
خانە و پێستیان ڕۆشنایی دەدەن
لەسەرزەمین دەبنە هەنگی بەردە ملوانکە لە ملەکانی پیرەر
مەسیحی تابلۆش چاوی داخستووە تا ڕوون ببێنێ
داوی فڕچەی پەرۆشی یەکترن و زایەڵە نادەنەوە
هەنگ پێشتر چاوی ناسیون بە ڕوون نابینن
* * *
ناخی ئاگادارکرایەوەم وەك چرا بەدەستەوە گرت
تا داگیرسا بووە ئاوێنە و دەموچاو
هەبوونەبوو لە ئەستێرەیەکدا خۆی داڕشت
لە شەو جەما و هاتە ناو ڕۆژ
* * *
تیشکی شەدار باڵی ماندووکرد
کۆڵکی بەتاڵ چاوەڕوانی هەڵکۆڵینە
وخساری هەوڵێر تێر هەنگ دەبێت کە تێیدا ژیاوم
وخساری شاری خانەدان

مەی خەمێیوی ناو خانە و پێستی کەهکۆییە
بۆنوبەرامەی کەللە دەباتە هەواری پێ
کاتژمێریشی کەس فریو نادا
* * *
بەخت ڕۆگایەکی دوورودرێژە
بەناو درزی ویستم تێدەپەڕێ
کەشتی بچووکی مەی
لە تێلدێ گیرنابێت
ئەشق دەبووایە بتکوژم
پاشان بپاڕێمەوە بێ ئەوەی لە ئاسمیان بتبینمەوە
دێ خۆی بەندکردووە و خۆی ناداتە بەر پاراوی خۆر
پەراسووش خەتەجووتە و گەنم و جۆی لێ سەوز دەبێ
* * *
گوناهباری یەکەم
فرمێسك چاوی گرتووە دەچێتە وانە خوێندن
ئێستا نابینام لە پێل ناچمە دەرێ
ئادەم و حەوا میوە بێ خانمی هەست لێ دەکەنەوە
* * *
شۆڕبییەکی پرچ خومار سەری شۆڕکردووەتەوە ناو ئاو
چاوبازیی لەگەڵ ماسی دەکات
ترسنۆك و
خۆپارێز و
ڕیاکار و
هەلپەرستە
خۆی لە قرش و حووت دەدزێتەوە و پرچی هەدەکێشێتەوە
ماسی بە گومانە نەکا سیخوڕی ماسیگران بێت
ئاوی ساکاریش نەرم نەرم دەڕوانێ و دەڕوات
لە نیازی شۆڕبی و تێقینی ماسی ناگات
لە ماڵ هاتوومەتە دەرەوە و دوو شەونم
لەسەر ناوچەوانم ماوەتەوە
گەیشتوومەتە کەناری ئاو و سەیری ئەوبەری دەکەم
قاز و قورینگ دەستکیان خستووەتە سەر شانم
تەماشای شوێنکی درەوشاوە دەکەن
ئەسپەکەم ئاوی لێ دەخواتەوە
هەوا لەسەر دەریا
دەجووڵێتەوە و بیرەوەری کۆن مەستی کردووە
* * *

بۆ ئەوەی بچمە خەوێك باران بە توندی
نەبارێ و لافاو دروست نەکات
دەبێ خانە و پێستی نواڵە بە شیعری کۆگە و وێنە بەراورد بکەم
هۆشتان نیوەم بەئاگایە
شیعر لە نیوەی ڕستەیدا داکەوت و خانە و پێستی داماڵدرا
وەك نەخۆشێکی سەکراو لێوی بێ گفتوگۆ وشك بوو
هەموومان بە هەڵە تەماشای
شیعرمان کرد و ئازاری ترپە و ئاوازیمان دا
دەماری بەردە ملوانکە لە ملەکانی پیرەر
بە سووکی لێ دەدەن و کێبوونەتەوە
لەپشبڕکێدان ڕۆیان بەرەو
گەرماوێکی بێ قاو و قریشك دڕزیوەتەوە
خودایە بۆیستیان نەکەی ویستیانە پەڵە و لەکەیان بشۆن
تەواو شێتییە ئەگەر خانە و پێستیان دانەماڵن
بەرد سووپەرێکی کردارجوانە لە دایکە سادە و ماتەکەی دەچێت
ستایشی ئارایشی ناوێ
زەویەکیان دەستنیشان کردووە
شوێنپێی تێدا دەستنیشان بکەن و لەو شەونمە بپرسن
لەسەر ناوچەوان ماوەتەوە
* * *
ژیان هەرچواردەوری ڕووگەنمایە
چاوم لەسەر هەست دەڕوانێ و قەت لە نوێژ بێ کردنی ماندوونابم

ئەیلوولی 2019 هەولێر

سەرابێك لە خەیاڵ ناسکتر..
ستار ئەحمەد

چاکی شاعیر و نووسەر بە زۆری و بڕی نییە، دیارە هەندێکجار تەنها بەرهەمێکی زیندوو خاوەنەکەی بە نەمری دەهێڵێتەوە، هەندێك لە شاعیران کەمدەنووسن، بەڵام جێپەنجەیان لە مۆژووی ئەدەبدا دیارە، ڕەنگە هەشمانبێ زۆریشی نووسی بێ، لێ دیسانەوە بەرهەمەکانی بەپێزن

و دەچنە خانەی داهێنانەوە.
لێرەدا مەبەستمانە هەندێك لە شیعرەكانی دیوانی (ئاوارە سەرابییەكان)ی سەراب هەسەنگێنین، كە لە كتێبێكی (175) لاپەڕەییدا لەسەر ئەرك و ماندووبوونی خۆی چاپكراوە.
سەرابی شاعیر دەڵێت:
ئەو شەوانەی بێ ئافرەتین
ئەو شەوانەی كە بێ مۆژووین
هەموو شانەكانی مۆشكمان خاڵی دەبن لە سەرنج و..
پێ ئەبن لە كوڕبوونی لەش

ئافرەتی بە رووناكی و نوور چواندووە و.. لە تاریكیدا ئاسمان و زەوی جواندەكەن، گەر دونیایەك خاڵیبێت لەوان، ئەوە تاریكستانە و هزری ئینسانەكان دەبنە خاڵێكی هەش درك بە سپێدەی بزاو و جوانكاری ناكەن، هەروەها مۆژوویشی بە خاڵی بنەڕەتی داهێنان و زانست ناساندووە. پەیوەندی نێوانی ژن و مۆژوو.. كلتووركی فرەهەندە و یاسا و هەسای بە پشكەوتن و خەماندنی ئەوانەوە بەندە.
لە جێگەیەكی دیكەدا سەراب دەڵێت:

نەورۆزەكەم
تێ دەزانی زەمانێكە
حەرف.. حەرف
رستە رستە بێت ئەسووتێم و..
بەگڵی نێوتەوە ئیدمانم
هەمگرە و بمگرەخێ
بە ئازاری هەرە گەورە و
بە بریندی گشت دەزانم
زۆرجار شیعر و شاعیر هەوڵستن، دیارە نووسینێك كلتووری میللەتەكەی هەڵنەگرتبێت، ڕەسەنایەتی لەدەستەدا و دەچێتە خانەی (هونەر بێ هونەر)ەوە، یاخود بێدەربەستی ئەو شاعیرە دەردەخا لە ژان و سێی میللەتەكەی، سەرابی شاعیر بەجۆرێك دەهۆزرێ، بێنەیەكی وەكو نەورۆز دێنێتە ئاراوە، لەگڵیا دەتوێتەوە، ئەو بە ژانەكانی خۆی و نەورۆز و میللەتەكەی ڕاهاتووە، هەنگە لە توڵی لاسكی گڵ و ئەڤینا چڕ بكا و بچێتە نیشتمانێكی هەرە مەزنی ئەندێشە و خەیاڵەوە، زیاتر ئەمەش وایلێدەكات شیعرەكەی بەهایەك پەیدا بكا و ناسكی و تۆندوتۆڵی لە ترپەی دڵە ڕاستگۆكەی وەرگرێ.. بڕێتە كێش و سەروای قەسیدەیەكی كورتی قەشەنگ.
ئەوە دەڵێت:

دانیشتووم و
خەمەکانی خۆم دەژمێرم
ئەمە سەردێڕی شاعیرێکە
تا ئێستا چاوی رووناکی نابینێ
بەڵێ، ئەمە (مانشێتی)
قەسیدەیەکی لاڵە و..
پیتەکانی ناتوانێ چیا حاڵیکا

لەم دیوانەیدا کەمکەم بە ئارامی هەندێکجار پەشۆییەوە دەچێتە جیهانێکی پڕ لە حەرف و دونیایەکی نازدار بە ترپەی ناخ و وشەی رەنگاڵەیی، دانیشتووە خەمەکانی دەژمێرێت، سەرباری ئەوە کەس لە زمانی حاڵینابێ، دەست ناخاتە ژێر لاسەنگی بارەکانی، ئەو دەرفەت لە هەنیەی زەمین دەخوازێ، بارگاوییە بە تەلیسمی جوانکیلە وێنەی شیعری ناسك و قووڵیش، لێ بەرگەی بڕەرەتانی ناگرێت، قوڵپی وشە لە بازنەی دڵیەوە سەردەکا بەرەو گۆی ناوینی هزر و خەیاڵ و مەشکی. ئەو لە سێبەری دارچنارێکا، لە چیا دەدوێ، لوتکە و رموزنەکان لێیحاڵینابن، خەمی کەسکی زەرد هەڵدەگەڕێنن، بەدوای ئەندێشەیەکا وەڵە زەینی دانەخا و هەلەکانی بێ قەستنەوەی خەمەکانی چنیەکا.
لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

ئای کە خۆشە
هەموو کەس وەکو (شێواو) دڵی ساف بێ و..
بگەڕدانە
دەستخاتە گەردنی هاوڕێیەتی
ئەوجا ئا ئەم دیوانەی.. من..
گەر بچووبایە شاری دووز
هەر لە نیگای حەمرینەوە
ستڕانی خۆی
بێ هەنسکی ژانێکی نوێ دەوتەوە..!!
سەراب هەر لەمەیانی ئەم شیعرەیەوە دەردەکەوێت، بەسەزە بێ هاوەڵانی و هەرگیز یاد و ئەدگاریان لە ناخا ناسڕێتەوە، بێیە لەم دیوانەیدا
باس لە شێواوی شاعیر دەکا و دڵسافی و بگەردی، لە توڕی کێپلەیەکی ناسکدا دەخاتە بەر دیدی خوێنەران، دەیەوێت لەم ڕگەیەوە بگا بە شوێنەزای کەمەڵك شاعیر و نووسەر و کوردزادەی ناوچەی گەرمیان، سەراب نەك لاپەڕەی ئەلبوومی خەمکی سرکی خۆیەتی، بەکو هەموو یادگارە خۆش و ناخۆشەکانی میللەتەکەی بە هەموو چین و توێژکەوە،

لە بوخچەیەکی کراوەدا هەگرتووە و هەرجارەی کپلەیەك یان شیعر و خەمکی هاوەردانی، لدەکەوتە خوارەوە. سەراب دیرك و سەربردەی کوردستانەکەی وەدەردەخا.
هەر لە جگەیەکی دیکەدا، سەرابی شاعیر دەڵت:
من دنیام لە شتی خم
دنیاشم
لە شتی (حەمە سەعید و بەکر دەروش)..!
ئمە ئستە
لە دوا قزاخەی ئەم زەوییەدا
لە دوا ژانی مەودایەکی فیکری تردا.. ئاگر دەگرین..
شاعیر بەم شوەیە ناخی خی تاوتو دەکا و پەنجە بۆ دوانەیی (حەمە سەعید)ی چیرکنووس و (بەکر دەروش).. چەندینی وەکو خی درژدەکا، ئاماژەش بەوە دەدا، کە هەر هەموویان لەنو ئازاری بیرکا دەژین، کە هەموو دەروازەکان گیراون و بەربەستەکان روونا کییان دەشلن و شەپلەکان دەیانەو بیانخنکنن و ئاوازەکانی شەونگزیش مشکی جەنجالیان دەسمن.
ئا ئەوەیە پناسەی قەسیدەیەکی گوەنگ نیازکی ئاشتیخوازانە، کە لە زر شاعیر و نووسەری کەرکوکدا دەردەکەوت. (سەراب)یش یەکە لەو هزانقانانەی، درکی بە راستییەکان کردووە و ئایدیایەکی نرمالی پاشەژی لە مشك و هزردا شاردتەوە، دیارە ژمە بگەنەکان نەیانهاوە.. بە کاوەژوو بپەقت و مەلتکەی حەسرەتەکانی بەهاوخەم و هاوشاری بگەیەن.

ستار ئحمد

گشپدانی مرف چییە؟.. زانا رزاق

سرتا گشپدانی مرف زر ووو دگرتو
ووکانیشی,
یکم جستیی
دووم ئقی

سەیەم بەشەکانی تری مرۆڤ
جا هەموو گۆشەپەندانەکان بە ڕاهێنان ،هەیە وەرزشیە هەش خوێندنەوەیە هەش جۆری تر.

لێرەدا ئەمە باسی یەکەک لەو جۆرانە دەکەین ئەویش گۆشەپەدانی ئەقڵیەیە و مەشکفراوانییە ئەویش بە خوێندنەوەی بابەتە فکریەکانە بابەتایبەت فەلسەفە و دەروونناسی و کەمەناسی هەروەها خوێندنەوەی ڕەمانی مەژووویی جۆرەکانی تر

خەشی ئەوەی لەو ووڵاتەو ووڵاتەکانی تر هاتووە گۆشەپەدان نیە بەڵکو دژە گۆشەپەدانە یانی وەکو قوتابی و مامۆستا وان مامۆستا شتەکان بە قوتابی باس دەکات تا ئەو کاتەی دەمێنێت یانی وەکو پارێزەک وایە بیداتە بەکوڕەکانی کاتەکیش پارەکە نامێنێت یان پێی نادات دەبە کوڕەکە بچێتە کار بکات. ڕەک ئەو گۆشەپەدانەی ناسراوە ئاوایە بەڵام گۆشەپەدانی ئەقڵی و مەشکی جیاوازترە و خەی دەبەتە خاوەن شتەکان و دەبینەکان تەنانەت ئەزموونەکانیش

لەکەتایبدا ئەوەی ماوە بڵێم ئەویە ئەو گۆشەپەدانە لەو ووڵاتەو ووڵاتەکانی تر گواستراینەوە لە هەندەک ووڵاتی ئەوروپی بەڵام نەتوانراوە سودەکی وای هەبێت کە بەو جۆرە تاکەکی لەووی مەشک و ئەقڵەوە پەبگەیەنێت بەڵکو هەروەکو خاوەن پارەکەو کەسەکە وایە تا ئەو کاتە سودی پەدەگەیەنێت پێی بدات بەڵام کە نەما دەبە بچێتە کارکردن بە پەیداکردنی پارە ئەوجا دەبە ئەزموونی پارە پەیداکردنیش پەیدا بکات ڕەک گۆشەپەدانەکەش وایە.

تەبینی سالی ڕابردووش بە کورتیەک باسم کردووە لە ئەکاونتم

2023 6 12